# پابەند بوون بە شەرعی خوا و کاروکردەوەی چاکەوە هۆکارە بۆ جێگیر بوون وثەبات لەسەر ئاینی خوای گەورە

# التزام شرع الله والعمل الصالح من وسائل الثبات على دين الله

< کوردی - كردي - kurdish >

شێخ محمد کوڕی صالح ئەلمونەجید

الشيخ محمد بن صالح المنجد

وەرگێرانی: دەستەی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# پابەند بوون بە شەرعی خوا و کاروکردەوەی چاکەوە هۆکارە بۆ جێگیر بوون وثەبات لەسەر ئاینی خوای گەورە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی جێگیر بوون و ثەبات و بەردەوامی لەسەری ئاینی پیرۆزی ئیسلام، پابەند بوونی مرۆڤی باوەڕدارە بە ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلام و کار وکردەوەی چاکەوە.

وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿ يُثَبِّتُ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللّهُ مَا يَشَاء ﴾ [ سورەتی إبراهیم: 27 ].

واتا: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە خوای گەورە پایەداریان دەکات لەسەر گوفتاری بەجێ و دروستیان لە ژیانی دنیادا، لەسەرەمەرگ و لە قیامەتیشدا، (باوەڕی دامەزراو فریایان دەکەوێت و گوفتاریان ڕێك و پێك و دامەزراو دەبێت و بەئیمانەوە دەمرن، لەولاشەوە هەر ئەو خوایە ستەمکاران (بەهۆی کاروکردەوەی خراپیانەوە ) گومڕا دەکات.

قەتادە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت )لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: لە ژیانی دونیادا بەخێر و کار وکردەوەی چاکە جێگیر ودامەزراویان دەکات، هەر ئەوەش لە دوا ڕۆژدا دەبێتە هۆی جگێری و دامەزراویان لە گۆڕدا- بەشێوەیەك دەتوانن وەڵامی فریشتەکان بدەنەوە - بە هەمان شێوەیە ڕیوایەت کراوە لەکۆمەڵێك لە زانایانی سەلەفەوە کە ووتویانە پابەند بوون بە شەرعی خوای گەورە

وکاروکردەوەی چاکە هۆکاری دامەزراوی و ثەباتی مرۆڤی باوەڕدارە لە ژیانی دونیا و ڕۆژی دوایشدا، بڕوانە تەفسیری القران العظیم (ج3/421).

هەروەها ئایەتی ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا﴾ [ سورەتی النساء : 66 ].

واتا : ئەگەر بەپێی ئامۆژگاریی و فەرمانەکانی خواو پەیامبەر رەفتاریان کردباو ئەم فەرمانەیان ئەنجام بدابا، ئیتر بۆ دنیاو قیامەتیشیان چاك دەبوو و باوەریشیان پتەوتر دەبوو، مەبەست پێی باوەڕیشیان دامەزراوتر دەبوون لەسەر هەق وڕاستی.

ئەمەش بەڕوونی بەدیار دەکەوێت لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی باوەڕداردا، چونکە بیگومان ثەبات و جێگیری و بەردەوامی لەسەر ئاینی خوای گەورە لە کەسانی تەمەڵ و تەوەزەل چاوەڕوان ناکرێت، لەو کەسانەی کە هیمەتیان نیە بۆ ئەنجامدانی کاروکردەوەی چاکە وخێر وصەدەقە کردن، بەتایبەتی لەکاتی ڕوودانی فیتنە وبڵاو بوونەوەی بەناو خەڵکیدا، بەڵام ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و هەمیشە لەهەوڵی کاروکردەوەی چاکەدان خوای گەورە هیدایەتیان دەدات وزیاتر ڕێنمویان دەکات بۆ سەر ڕیگای ڕاست وبەردەوامی لەسەری، بۆیە دەبینین کەسانی باوەڕدار هەمیشە هەلی کردەوە چاکەکان لەدەست خۆیان نادەن ئەگەر چی بچوکیش بن؛ چونکە خوای گەورە کاروکەدەوەی چاکی بەردەوام پێی خۆشە ئەگەر چی کەم و بچوکیش بێت، هاوەڵانی بەرێزی پێغەمبەری خوایش ( صلی اللە علیە وسلم ) خوایان لێ رازی بێت، ئەگەر کار وکردەوەیەکی چاکیان بکردایە بەردەوام دەبوون لەسەری، عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەگەر کردەوەیەکی باشی بکردایە پابەند دەبوو پێوەی و وازی لێ نەدەهێنا.

بۆیە دەبینین پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی: { من ثابر على اثنتي عشرة ركعة وجبت له الجنة} [تیرموذي لە سونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، ج273/2، وە ووتویەتی : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە ] .

واتا : هەر کەسێك -لە شەو ورۆژێکدا -پابەند وبەردەوام بێت لەسەر ئەنجامدانی دوانزە ڕکاتی سونەتی پاش و پێشی نوێژە فەرزەکان، ئەوا بەهەشتی بۆ واجب دەبێت.

لە فەرموودەیەکی قودسیشدا هاتووە: { ولا يزال عبدي يتقرب إليّ بالنوافل حتى أحبه } [ ئیمامی بوخاري ڕیوایەتی کردووە، بۆ زیاتر شارەزا بوونی سەرنجی کتێببی الفتح الباریء بدە ج11/ 340 ] .

واتا : بەردەوام بەندەکەم بەهۆی ئەنجامدانی سوننەتەکانەوە لێم نزیك دەبێتەوە، تاوکو منیش ئەوم خۆش دەوێت ..

لە پەروەدگار داواکام لەو کەسانەمان بگێڕێت کە خۆی خۆشی دەوێن.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سەرچاوە : پەرتووکی : وسائل الثبات على دين الله